www.kurdistannet.org
14-6-2007 22:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دوو وەرز لە فەساد بوونی ڕۆح ... ئارام حەمە

((پێشکەشە بە تۆ چونکە زۆر لە خۆم دەچیت))



کوا لە کوێن کچە عاشقەکانمان؟
گۆزە شەرابەکانی سەرشانیان بە کی بەخشی؟
بە سەماکەرانی شەو یان بە کوڕەکانی فیرعەون
ئەو کوڕانەی لەگەڵ خۆر ئاوا بوندا
فریشتەیان ڕاو دەکرد
مەلەکوتیان فەساد دەکرد
ڕیحانەیان دەوەراند
ئاگریان لەسەر ناوچەوانی مانگ دەکردەوە
ئەو کاتە ئاو دەمی نەبوو بانگی ئەسپەکانی ڕۆحی بکات
شەونم دەمی نەبوو ماچی گیا بکات
پەپولەی شەو باڵی نەبوو ڕوناکی بخوێنێتەوە
نازانم کی تەفسیری ئەم خەونەم بۆ دەکات
ئەم خەونە کوشندەیە
کەبەدەستی خۆم هاوسەنگی ئەم تەمەنە پایزییەم تێك دەدەم
من لە مەرجەعی شەیتانم
تۆ لە مەرجەعی بەرەکەت
ئای چەند نامۆیە ئەم گوڵە ڕەشە بە باخچەی سەر شەقامەکان!!!
چەند ترساوە ئەم نەورەسە بە ئاسمان!
ڕووخاوە ئەو پالاسەی بە یاقووت بنیادت ناوە
چەند سەیرە ئەم تاعونەی من بە سەرابستانی تۆ!؟

2004/4/29
هەولێر

aramhama@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.